# دیموکراسی یان جیابوونەوە؟

خالید تەوەکولی
و: ئەفراسیاب گرامی

بزووتنەوەی "کورد" یەکێ لە بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تەمەنێکی زیاتر لە نیو سەدەی هەیە. ئەگەرچی لەم ماوە درێژخایەنەدا، بزووتنەوەی کورد بە ئامانج و ئارمانجەکان و ئەوەی ویستوویەتی، وەک پێویست نەگەیشتووە و جیا لە کوردستانی عێراق، دەستکەوتێکی وەهای نەبوە، بەڵام هەرچی بووە لە بەرامبەر سەرکوتی بێبەزەییانە و توندوتیژانەی دەسەڵاتی ناوەندی دا، زۆر جار لە شار و زۆر جار لە شاخ و کوێستانەکاندا، بە تەنیایی و بە باشی بەردەوام بووە و هەروەها زیندوو و چالاک لە جێی خۆیدایە. بە شێوەیەک ئەوڕۆکە کوردەکان یەکێک لە ئەکتەرە گرینگە سیاسییەکانی ناوچەکە بە ئەژمار دێن و زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە چارەسەری پرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگیربوونی دێموکراسی و دادپەروەری لە وڵاتەکانی ناوچەکەدا، بە بێ چارەسەریی دۆزی کورد ئیمکانی نیە و بێ دەرەنجام ئەبێت.

گومانی تێدا نیە کە یەکێک لە سەروەرییەکانی ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، پێویستیی بنەماکانی دادپەروەریی، ئازادی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانیان، پاراستن و گەرەنتییەتی. هەندێک لە چالاکانی سیاسی و رووناکبیران لەسەر ئەو بڕوایەن کە رێگای گەیشتن بەم ئامانج و ئارمانجگەلە و بە واتایەکی دیکە دابینکردن و گەرەنتیی سەروەریی دادپەروەریی، جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێراندایە. "ئەکبەر

گەنجی" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستمی دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئازادیی و مافی مرۆڤ، دادپەروەرانەترین سیستمێکە کە تا بە ئێستا مرۆڤ ئافراندوویەتی (تجزیەطلبی در چهار منظر: سایت گویا). ئەو هەروەها درزبردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێراندا بە درزی نێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری دەزانێت (سایت بی بی سی).
لە روانگەی "عەلەوی تەبار"، پرسەهەڵگرترینی ئەمڕۆی ئێران، تێپەڕین لە خەڵک سالاری و گەشەپێدانی سیاسییە.(باز اندیشی در مورد راهبرد و اقدام، سایت جرس). "نەراقی"یش لە سەر ئەم باوەڕەیە کە "لە رۆژگاری ئێمەدا دێموکراسی یەکێک لە گرینگترین و ناوازەترین شێوەکانی دابینکردن و گەرەنتیی "مافی بەشداریەتی شوێندانەرانە" یان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی خود"ە". (دموکراسی و مسئله حقوق اقلیتهای قومی). "تەقی رەحمانی" لەسەر دێموکراسیخوازی بۆ گەیشتن بە ئازادیی پێداگری دەکات و دەڵێت: "کاتێ نەمامی ئازادیی لە ئێراندا دێتە بەر کە دێموکراسیخوازی بەستێنێکی پراکتیکی و کردەکی هەبێت، بونیادەکانی خۆی بدۆزێتەوە و هەموو چین و توێژەکان و دەوڵەت لەگەڵ یەکتر دێموکراسیخوازیی بدۆزنەوە". (دموکراسی خواهی؛ محور «اتحاد در عمل»).
"رەزا عەلیجانی"یش بەم شێوەیە، دێموکراسیخوازیی و هەروەها هەڵچوونی دەروونی، نەتەوەیی و نیشتمانیی بوونی گەشەی دێموکراسیخوازیی (نەبەستراوەیی و پشت ئەستوور بوون بە هێزە دەرەکییەکان کە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن) دەتوانێ ژێرخانێکی هاوبەشی گرینگ بۆ هاقبەندی نێوان زۆربەی هێز و بەریانە سیاسییەکان بێت". (چرا همگرایی سیاسی ضروری است؟)
بەدەستهێنانی دادپەروەریی و ئازادیی

لــه بەرامبــەردا، هەنــدێک لــە روونــاکبیران و چالاکــانی سیاســیی لەســەر ئــــەو بــــاوەڕەن کــــە کوردەکــــان بەتایبــــەتی و کەمایەتییــــە ئــــەتنی و نەتەوەییــــەکانی نیشــــتەجێی ئێــــران بــــە گشــــتی، بــــۆ گەیشــــتن بــــە ئامــــانج و بەدەســــتهێنانی ئارمانجــەکانی خۆیــان کــە هــەمان دابینکردنــی دێموکراســی و ئازادییــــە، لــــە بەرامبــــەر "ناســـیونالیزمی فـــارس"دا ڕێگایــــەک جیـــا لــــە جیابوونەوەیان لە ئێران لەبەردا نیە.

ئــەوان وا بەڵگــە دەهێننــەوە لــەویڕا کــە کوردەکــان لەگــەڵ کەمایەتییــە ئــەتنیکی و نەتەوەییــەکانی لــە رووی حەشــیمەتەوە لــە کەمایــەتیی دان، لــە حکومەتێکــدا کــە بنەمایــەکی بــەهێزی لــە ناســیونالیزمی فــارس بەســەردا زاڵــە و زۆرجــار ســوار بــوە بەســەر بەهاگــەلێک وەک دادپــەروەریی و بەتایبــەتی ئــازادیی دا، هــیچ ڕێگەچارەیــەک جیــا لــە ملکــەچ بــوون بــۆ دەنگــی زۆرینــەیان نیــە و دیکتــاتۆری زۆرینــە و دیکتــاتۆری تــاک یــان دەســەڵاتی ســەرەڕۆ جیاوازییــەکی زۆریــان لەگــەڵ یــەکتردا نیــە، بــەڵام درزی ســەرەکیی سیاســی و کۆمەڵایــەتیی لــە ئێرانــدا، درزی نێــوان دێموکراســی و دیکتــاتۆری نیــە، بــەڵکوو دابڕانــی ســەرەکیی، دابــڕان لــە نێوان ناسیونالیزمی فارس و غەیرە فارس دایە.

ئێســتا ئــەم پرســیارە دێتــە ئــاراوە کــە ئایــا لــە سیســتمێکی دێموکراتیکــدا کــە بــە شــێوەی دادپەروەرانــە پــرس و ویســتەکانی کەمایەتییــەکان تێــدا رەچــاو نــەکراوە، ئایــا جیــا لــە جیابوونــەوە ڕێگایــەکی دیکــە هەیــە؟ جیابوونــەوە چــۆن و بــە پێــی چ دۆخێــک شــیاو و جێگــای پەســندە؟ گومــانی تێــدا نیــە کــە لــە مێــژووی ئەندیشــە سیاســییەکاندا، رەخنــە جیــددی و بنەماییــەکان لــە دێموکراســی و بــە گشــتی و بەتایبــەتی دیکتــاتۆری زۆرینــە هەیــە، بــەڵام نیگــەرانی لەمــەڕ داهــاتووی سیســتمێکی دێموکراتیــک بــە تایبــەتی لــە لایــەن کەمایەتییەکانــەوە سەرڕاســت نیــە. ئــەم خاڵــە لــە شــوێنێکدا جێگــای ســەرنجی زیــاترە کــە بــە وتــەی "ئەکبــەر گــەنجی" لــە مێــژووی سیاســیی

هاوچەرخی ئێراندا، بۆ یەکەمین جارە کە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی دەبێتە وەک گوتاری زاڵی رووناکبیری و دژبەرانی و (تەنانەت لایەنگرانی دەسەڵات) لە ئێراندا. ئەوەی تا بە ئێستا هەبوە گوتاری چەپ و گوتاری ناسیونالیستی ئێرانی بوە کە زۆربەی توخمە سەرەکییەکانی خۆی لە شوناسی فارسییەوە وەرگرتووە. لەم گوتارانەدا نەتەنیا پشتیوانی لە دێموکراسی، لیبرالیزم، ریفۆرمخوازی، ناتوندوتیژی، پێکهاتن، ئازادیی و مافی مرۆڤ هیچ قسەیەک نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو بەردەوام لەم چەمکگەلە وەک بەرچەسپ و گەنە بۆ تێکشکاندنی بەرامبەر کەڵکی لێ وەرگیراوە و ئێستاکەش درێژەی هەیە.

لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ناسیونالیزمی ئێرانی ئەوەندە بەهێز و سەرتاپاگیر بووە کە گوتارەکانی چەپ و مەزهەبی ـ کە بە ڕواڵەت نەدەبوا لەگەڵ ناسیونالیزمدا سازگارییان هەبێت ـ بە توندی کەوتنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، بە شێوەیەک کە لە فەرهەنگی سیاسیی ئێراندا، سیاسەتەکان، چەمکە تایبەتەکانی خۆیان ئافراند و تەنانەت بەسەر گوتارەکانی دیکەدا سەپاند. تێڕوانینی "رۆژهەڵاتناسانە"، "ئەمنییەتی"، "یەکسانسازی کولتووری" و "جیاییخوازیی" لەو چەشنە چەمکگەلەن کە لە لایەن ناسیونالیستەکانەوە لەمەڕ بزووتنەوە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی ئەتنیکەکانەوە کە خوازیاری ناناوەندی بوونی سیاسی و فەرهەنگین، لانیکەم لە ئاستی "خودموختاری"دا بوون، بەکار هێنرا. لە لایەکی دیکەوە، زاڵبوونی ناسیونالیزمی ئێرانی و بەرنامە و ئامانجەکانیان لە کۆڵەکە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدا بوە هۆی ئەوەی تا لەبەرامبەردا ناسیونالیزمی قەومییەکان کە ئەمەش پێداگرییەکی وەها لەسەر دێموکراسی و پێداویستییەکانی نیە، شکڵ بگرێت و بەم شێوەیە لە هەر دوو لاوە دێموکراسی لەبەرچاو نەگیرێت.

جگە لەمە، ئێستاکە کە باس لە دێموکراسی لە ئێراندا دێتە ئاراوە و زۆربەی رووناکبیران و چالاکانی سیاسی وەک پرسی سەرەکیی وڵات لەقەڵەم دەدەن کە دەتوانێ گرێی کۆمەڵگا و خەڵک بکاتەوە، هەمیسان بە شێوەیەکی نادیار و تا ڕادەیەک ناڕوون جێ پێی ناسیونالیزم لە هەڵبژاردنی روانگە و جۆرێکی تایبەت لە دێموکراسیی لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە دژکردەوەی نەرێنی یان زۆر خراپ لەبەرامبەر چالاکیی سیاسیی کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومییەکان بەرچاو بکەوێت.

بەم شێوەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی و چەمکەکانی پێوەندیدار بە دێموکراسیدا، پێناسە و روانگەگەلێکی جێگای باوەڕ پەیدا دەبێت کە لە باشترین حاڵەت دا، روون و گەرەنتیی دەسەڵاتی زۆرینەیە. بە واتایەکی دیکە لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە تایبەتمەندییە بژاردەکانی دێموکراسی، دەسەڵاتی زۆرینە بەسەر کەمایەتی دایە. بنەمای ئەم روانگەیە لە روویەکی پێکناکۆک و پارادۆکسیکاڵی هەیە، لەسەر بنەمای ئەم باوەڕەیە کە زۆرینە هیچکات تووشی هەڵە نابێت. بەڵام دەبێ بە ئاوەز و تێگەیشتنی گشتی باوەڕێکی تەواو هەبێت، چونکە بۆچوونە دروستەکان لە زەینی زۆرینەی خەڵکدا دەردەکەون و بۆچوونە نادروستەکان بەرەو پەراوێز پاڵ دەنرێن و زەینی کەمایەتییەکان داگیر دەکەن. (بشیریه، حسین؛ آموزش دانش سیاسی؛ ۱۳۸۰؛ ص: ۱۳٦)

لەم حاڵەتەدا، ئەگەرچی لە رووی رواڵەتییەوە لەسەر دەسەڵاتێک کە پێکهاتەیەکی دوولایەنەی هەیە و ئیمکانی بەشداریی لەو دا دابین دەکرێ، پێداگری دەکرێت. بەڵام لە راستیدا بە هۆی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی زۆرینەوە و لەبەرچاونەگرتنی کەمایەتییەوە، پێکهاتەی دەسەڵات شکڵ و شێوازێکی یەکلایەنانە بە خۆیەوە دەگرێ و دێموکراسی تووشی پارادۆکس دەبێت. هۆکارگەلێکی دیکەش هەیە

که نیگەرانیی کەمایەتییە قەومی و مەزهەبییەکان لە شکڵگرتنی "سەرەڕۆیی زۆرینە" دوو قات دەکات، وەک نموونە لە لایەکەوە دەتوانین ئاماژە بکەین بە باوەڕ بە رەهاگەرایی بەها و ئەخلاقیی و لە لایەکی دیکەوە بێ باوەڕی لەهەمبەر زۆرینەگەرایی کۆمەڵایەتی و شوناسیی که پێداویستییەکانی دێموکراسین.

ئایا "جیابوونەوە" باشترین رێکارە؟

پرسیارێک کە بەرەوڕووی بووینەتەوە بە شێوەیەکی دیکە خۆی نیشان دەدات و ئەوەش ئەمەیە کە ئایا بۆ بەرگری کردن لە سەرەڕۆیی زۆرینە کە رەنگە لە سەرەڕۆیی کەمایەتییەک خراپتر و رووخێنەرتر بێت (بشیریبە: 136)، "جیایی" یان بە واتایەکی دیکە "جیابوونەوە"ی ئێران باشترین رێکارە؟

"گەنجی" لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا و لە دژایەتی لەگەڵ جیاییخوازیی، وێڕای ئاماژەکردن بە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی لەم باوەڕەدایە کە:

ـــ رەوتی جیاکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی وڵاتێک بە توندی دەتوانێ خوێناویی و توندوتیژانە بێت و نرخ و ئاکامەکەی کوشتنی دەیان هەزار و ئاوارەبوونی سەدان هەزار خەڵکی بە دواوە بێت.

ــ وڵاتانی دەرەکی دەستێوەردان بکەن و هەرکامیان بە پێی "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان"ی خۆیان بە پشتیوانی کردن لە لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە هەڵدەسووڕێن.

ـــ شوناسخوازیی و نەتەوەخوازیی بەهێز، دەتوانێ تەنانەت رووناکبیران بە جینایەتی دژ بە مرۆڤایەتی و جینایەتی جەنگیی پەلکێش بکات.

ـــ مرۆڤەکان وەک گورگ و پڵینگ و هەژدیها بەر دەبنە گیانی یەکتری. (پیامدهای تجزیەطلبی در ایران؛ سایت بی‌بی‌سی)

"نــــەراقی" وێـــڕای ئەوەی کە بـــاس لەمـــەڕ کەمایەتییـــە ئەتنیکییـــەکان بـــە دژوار دەزانێـــــت، لەگــــەڵ ئەوەشــــدا ئـــــەم گوتــــارە دێموکراســـــیخوازییە و پارێزگـــاریی لـــە مافـــەکانی مـــرۆڤ بـــە بـــێ باســـکردن لـــەبارەی مـــافی کەمایەتییـــە ئەتنیکییـــەکان بـــە ناتـــەواو دەزانێـــت. ئـــەو لـــە هەنـــدێک بـــوارەوە بانگەشەی جیاییخوازیی بە پاساوێک ئەزانێ و لەو باوەڕەدایە:

ــ وا دیـــارە کـــە لانیکـــەمی لـــە ســـێ خـــاڵی تـــەڵاقی سیاســـی یـــەک لایەنـــە پاســـاوهەڵگرانەیە و سیســـــتمی حقـــووقی نێونەتـــەوەیی بەرپرســـیارە کـــە ئـــەو خاڵە بە فەرمی بناسێت:

خـــاڵی یەکـــەم، کـــە لـــە یاســـا نێونەتەوەییەکانیشـــدا بـــە فـــەرمی ناســـراوە، چـــاودێری کـــردن بەســـەر نەتەوەیـــەکی تایبـــەت و ســـەرزەوینەکەیاندایە کـــە لـــە ڕێگـــای بـــەکارهێنانی زۆر و توندڕەوانـــە بـــە دەوڵـــەتی ناوەندییـــەوە هـــاوپێچ کـــراوە. لـــەم بارودۆخـــەدا، بـــە فـــەرمی ناســـینی تـــەڵاقی یەکلایەنـــە پێویســـتیی بە دادپەروەریی قەرەبووکراوەیی هەیە.

خـــاڵی دووهـــەم، چـــاودێری بەســـەر بارودۆخێکدایـــە کـــە دەوڵـــەتی ناوەنـــدی بـــە شـــێوەیەکی بـــەربڵاو و سیســـتماتیک مافـــە بنەڕەتییـــەکانی نەتەوەیـــەکی تایبـــەت پێشـــێل دەکـــات. لـــەم بارودۆخـــەدا، بـــە فـــەرمی ناســـینی تـــەڵاقی یەکلایەنە پێویستی بە دادپەروەریی بەخشێنەرانە هەیە.

خـــاڵی سـێهەم، چـــاودێری بەســـەر دۆخێکدایـــە کـــە دەوڵـــەتی ناوەنـــدی بـــە پێـــی گرێبەســـــتە دیاریکراوەکـــانی بـــە نیســـبەتی نەتەوەیـــەکی تایبـــەت لـــە قەڵـــەمڕەوی دەســـەڵاتی خۆیانـــدا مـــافی خودگـــەردانیان پێـــداوە و خـــۆی بـــە پاراســـتنی ئـــەو مافگەلـــە بەرپرســـیار دەزانێـــت. بـــەڵام خاڵـــەکانی جێگـــای پێکهاتنیان بە شێوەیەکی یەکلایەنە بەردەوام پێشێل دەکات.

ــ لـــە بارودۆخێکـــدا کـــە دەوڵـــەتی ناوەنـــدی مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس بـــە فـــەرمی نەناســـێت ئـــەم مافـــە دەتوانێـــت بنـــەمای پاســـاوێک بێـــت بـــە جۆرێـــک کە مافی جیاییخوازیی یان تەڵاقی سیاسی بێت.

له چ کاتێکدا ئەم مافی جیایی‌خوازییە پاساوهەڵگر نیە؟ "نەراقی" لەسەر ئەم باوەڕەیە کە:

ــ له هەندێک بواردا (نە هەمیشە) مافی جیایی‌خوازی یان تەڵاقی سیاسی لە بارودۆخێکدا پاساوهەڵگرە کە قەومی جیایی‌خواز بانگەشەیەکی پاساوهەڵگری لەهەمبەر ئەو سەرزەوینەی کە تێدا دەژی، هەبێت. ئەگەر مافی خاوەنداریێتی قەوم بەسەر ئەو نیشتمانەی کە لێی دەژی روون نەبێ، جیایی‌خوازیی زۆرجار (نە هەمیشە) پاساوهەڵگر نابێت.

ــ جیایی‌خوازیی لە زۆر بوارەوە رەوتێکی پڕ بەها و خوێناویی بۆ دوولایەنی پێکهەڵپڕژاودا هەیە.

جیا لە خاڵەکانی سەرەوە نووسەر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە خاڵگەلێکی دیکەش دەتوانێ بوار بۆ جیابوونەوە خۆش بکەن:

ــ هەوڵدانی سیستماتیکی توندوتیژانە و زۆرەملێیانەی دەوڵەتی ناوەندی بۆ نکۆڵی کردن و پەراوێزخستنی شوناسی فەرهەنگی کەمایەتییە قەومیی و نەتەوەییەکان کە خوازیاری پاراستنی شوناسی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، بە واتایەکی دیکە پێشێلکردنی مافی گرووپی و بە کۆمەڵی کەمایەتییە قەومی و نەتەوەییەکان،

ــ هەوڵدانی سیستماتیک و بەئەنقەستی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەتی ناوچەگەلێک کە لە رووی حەشیمەتییەوە، کەمایەتییەکان لە زۆرینەدان.

ــ کۆچی زۆرملێیانەی کەمایەتییەکان لە سەرزەوینێک کە موڵکی ئەوانە.

وێڕای ئەم پاساوگەلە، جیایی‌خوازیی بەگشتی کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە و هەرکات جێگیربوونی جۆرێک لە دێموکراسی کە تێدا کەمایەتییە قەومی و نەتەوەییەکان بتوانن لەسەر بنەمای دادپەروەریی و خاوەنی مافە تاکەکەسی و گرووپییەکان بوون، ژیانی خۆیان گەشە پێ بدەن، جیایی‌خوازیی بەم هۆکارانە پاساوهەڵنەگر دەبێت:

- هەروەک گوترا، ڕەوتێکی پڕبەهاو خوێناویە.

- لە حکومەتێکی نادێموکراتیکدا، ئەگەری جیایی بۆ کەمایەتییەکان زۆر کەمە، مەگەر بە دەستێوەردانی هێزی نیزامی دەرەکی کە ئەمەش بە ڕادەی خۆی، بەها و نرخەکە چەند قات دەکاتەوە.

- ئەگەر ئامانج لە چالاکیی سیاسی دابینکردنی دادپەروەریی و پاراستنی مافی شارۆمەندان بێت، لەوێ ڕا کە ئارمانجە سەرەکییەکانی گرووپە جیایی‌خوازەکان دژکردەوەی خۆیان بەرامبەر بە سیستمی سەرەڕۆیی زۆرینە لەسەر بنەمای قەومگەرایی باوکسالارانەیە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک بوونی نیە کە کۆمەڵگای جیاوەبووی نوێ و سیستمی سیاسییەکەیان لەگەڵ ئامانج و ئارمانجەکاندا دابین بکرێن و مافە سەرەکییەکانی شارۆمەندان و کەمایەتییە جیاوازەکان دابین و گەرەنتی بکرێن.

هەنووکە ئەگەر ئەم خاڵە جێگای پەسند بێت کە دێموکراسیی ژاکۆبنی لە نەهایەتدا بەرەو دیکتاتۆری زۆرینە دەڕوات، بەڵام بەگشتی باش و شیاو و لە هەمان کاتدا دێموکراسی نیە و دادپەروەریی و ئازادیی بە شێوەیەکی شیاو لەوێدا جێگیر نابێت، ڕەنگە ببێتە هۆی بەرینبوونەوەی ئەندیشەی جیایی‌خوازیی لە نێوان کەمایەتییەکاندا و جیایی‌خوازیش بە هۆی ئەوەی کە پڕبەها و خوێناویی بوونیەوە، دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان، داڕمانی ئەخلاق و کردەی ئینسانی — تەنانەت لە نێو ڕووناکبیران — نامومکین بوونی لە حکومەتێکی

نادێموکراتیک و ناڕووندا ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە خاڵی شیاو بۆ هەڵبژاردن و هەوڵدان لەو ڕێگایەوەیە، لەوێدا هەمیسان لەگەڵ پرسیارێکی دیکەدا بەرەوڕوو دەبینەوە کە دەبێ چ بکەین؟

ڕێکارەکان:

لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا، ڕزگاربوون لە دیکتاتۆری زۆرینە چۆن ئیمکانی هەیە؟

بە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر، بەتایبەتی ڕەگداکوتاوی و سەقامگیریی ناسیونالیزم و نوێباویی بیری دێموکراسیخوازیی، لە ئێراندا ڕەخنە لە دێموکراسیی زۆرینە و شرۆڤە و ڕاڤەی شێوە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە دێموکراسی کە گەرەنتیی ناناوەندیی بوون لە دەسەڵات و بە فەرمی ناسینی فرەچەشنی فەرهەنگی و شوناسی هەبێت، بە کەمی دەردەکەوێت.

ئارەش نەراقی:

"نەراقی" وێڕای ئەوەی کە هەوڵ بۆ جیاییخوازیی زۆرجار ڕەوتێکی پڕبەها و خوێناویی دەزانێت، بەڵام لە سێ خاڵدا وێناکردنێکی "ڕواڵەتی" لە دێموکراسی یان دیکتاتۆری زۆرینەش لەسەر ئەو باوەڕەدایە کە وەک ئەخلاق شیاوی بەرگریکردن نییە و دەبێ وەک بنەمایەکی گرینگ، پێبەند بن، لەگەڵ ئەوەشدا هێنانە بەرباسی ڕوانگەی "دووهەم"ی دێموکراسی کە نەتەنیا نابێتە هۆی دیکتاتۆریی زۆرینە، بەڵکوو مافە بنەڕەتییەکانی کەمایەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر لەبەرچاو دەگیرێت.

ئەم ڕوانگە دووهەمە، لانیکەم لەسەر بنەمای سێ مەرجە:

1ــ مەرجی یەکەم ــ سیستەمی دێموکراتیک پێویستی بە مەنتیقی گفتوگۆی ئاوەزمەندانە لە گۆڕەپانی گشتییدا هەیە.

2 ـ مەرجی دووهەم ـ گرینگیدان بە ڕێڕەوی زۆرینە.
3 م مەرجی سێهەم ـ بەڵام ڕێڕەوی زۆرینە دەبێ بە پێی بنەمایەکی گرینگ دەروەست بێت: پاراستنی مافەکانی کەمینە. بە واتایەکی دیکە، زۆرینە ناتوانێ / نابێ یاسا پەیوەستەکان لە گۆڕەپانی گشتیدا جێگیر بکات کە مافە بنەڕەتییەکانی کەمایەتیی (بەتایبەت مافی ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن ببن بە زۆرینە) پێشێل بکات.
لە روانگەی "نەراقی"یەوە، دوو جۆرە کەمایەتیی بوونی هەیە: ئەو چەشنە کەمایەتییانەی کە بە شێوەیەکی هێزەکی (بالقوە) ئەگەری بوون بە زۆرینەیان هەیە و کەمایەتییە هەمیشەییەکان. ئەم روانگەیە لە دێموکراسی (رواڵەتی)یش تەنیا مافەکانی بەشێک لە کەمایەتییەکان کە توانایی بوون بە زۆرینەیان تێدا هەیە، دابین دەکەن و لە مەڕ کەمایەتییە "هەمیشەیی"یەکانەوە ناتوانێت مافەکانی گرووپی ئەوان دەستەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە ئەم مۆدێلە لە دێموکراسی بە گشتی "مافە تاکەکەسییەکانی شارۆمەندان وەکوو سیفەتێکی تاکەکسی ئەوان دەستەبەر و دابین دەکات، بەڵام رەنگە لەهەمبەر زۆرێک لە مافەکانی گرووپی ئەوان بە واتای گرووپێک هەست پێنەکات و لەبەرچاو نەگرێت". بەم واتایە ـ نیشاندانی هەستکردن بە زۆرێک لە مافەکانی گرووپە کەمایەتییەکان ـ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کەمایەتییە قەومییەکان لە دوو ئاستدا پێناسە دەکات:
" ئاستی تاکەکسی، کە لەم روویەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان شارۆمەندان لەو روویەوە کە هەموویان شارۆمەندن، بوونی نیە،
و ئاستی گرووپی: کە لەم رووییەوە قەومەکان بە پێناسەی گرووپی خۆیان دەبێ خاوەنی مافە تایبەتییەکانی خۆیان بن کە بە گشتی لە رێگای دابین کردنی مافە تاکەکەسییەکانی کەسەکان لەو قەومەدا وەک شارۆمەندان دابین ناکرێت". لە ئاستی گرووپی دا، مافی

دیاریکردنی چارەنووس، پێویستیی بە مافی "پاراستنی شوناسی فەرهەنگی"ی و مافی "خۆبەڕێوەبەریی" هەیە.
لە روانگەی "نەراقی"یەوە جیاوازییەکی روون لە نێوان "دیاریکردنی چارەنووسی خود" و "مافی جیاییخوازیی"دا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، نەوەکانی کەمایەتییە قەومییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە مافی "پاراستنی شوناسی فەرهەنگی" دەتوانن مافی خوێندن بە زمانی دایکییان هەبێت و لە پێناو پەرەپێدانی فەرهەنگی قەومی خۆیاندا هەوڵ بدەن و بە کەڵکوەرگرتن لە مافی "خودگەردانی" دەتوانن بە شێوەیەکی شوێندانەرانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانیان، کاریگەرییەکی جیددیان هەبێت و رۆڵێکی شوێندانەریان هەبێت.
لە دەرەنجامدا، ئاکامی کارەکە بۆ ئەویش گرینگە و لەسەر ئەم خاڵە پێداگریی دەکات کە مافی جیاییخوازیی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئاستە جیاوازەکانی، نابێت لە راستای بەهێزکردنی فەرهەنگ و بەها قەومگەراییە باوکسالارەکاندا بێت کە لەسەر بنەمای ئەفسانە نەژادی و قەومییەکانی ناوەندییەوەیە. نەراقی بنەمای نەتەوەی لەسەر ئەم گریمانەیە بونیات دەنێت کە خەڵک دەبێ لەگەڵ ئەوەی کە گرێبەستێکی دادپەروەرانە (گریمانەکراو یان راستەقینە) بریار بدەن کە لە تەنیشت یەکترەوە، یەکەیەکی گشتی رێک بخەن.

مستەفا مەلەکیان

مەلەکیان لە وتارێک بە ناونیشانی "سێکۆلاریزم و حکومەتی دینی" ئەم ئەگەرە دەخاتە بەرباسەوە کە زۆرینە بە کەڵکئاژۆ وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی، لە هەمبەر مافەکانی کەمایەتیی نادادپەروەر بێت و لەبەرچاوی نەگرێت و بۆ پێشگیریی لە ستەمی زۆرینە لە هەمبەر

کەمایەتیی، ڕێکارگەلێک دێنێتە ئاراوە. ئەو سەرەتا کارەکان بە دوو دەستەی objective و subjective یان کاروبارە عەینی و زەینییەکان دابەش دەکات.

بە پێی بۆچوونەکەی مەلەکیان، کاروباریی زەینی یان سوبژێکتیڤ، کاروبارێکە کە هەڵسەنگاندنی لۆژیکانە و ماریفەتناسیانە هەڵناگرێت و بە واتایەکی دیکە توێژینەوە هەڵنەگرن. کاروباری عەینی یان ئۆبژکتیڤ، بانگەشەی لەمەڕ دنیای واقع و کەتوارە کە خۆی بە دوو دەستەی جیاواز دابەش دەبێت: کاروبارە هێزەکییەکان (بالقوە) و توێژینەوەهەڵگرەکان و کاروبارە عەینییە پەنگراوەکان (بالفعل)ی توێژینەوە هەڵگر.

ئەو دەڵێت بۆ جێگیرکردنی دادپەروەریی، لە کاروبارە زەینی و عەینییەکانی توێژینەوەهەڵنەگردا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەنگی خەڵک. لەم نێوەدا بەڵام ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکات چونکە لانیکەم هیچ کات ئیمکانی نییە کە سەد لە سەدی خەڵک لە بارەی شتێکەوە هاودەنگییان هەبێت و لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە نەوەد لە سەدی خەڵک بە شتێک دەنگ بدەن و دە لە سەدی دیکە دژایەتیی لەگەڵ دەکەن، کەواتە بە هۆی ناهاودەنگیی گشتیی ئوممەت، زۆرینە لەهەمبەر کەمینەدا ستەم بە ڕەوا دەبینێت. بە واتایەکی دیکە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چۆن دەتوانین لە دیکتاتۆری زۆرینە و یان کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە زۆرینەبوون، دوورەپەرێزی بکەین؟

وەڵامێک کە مەلەکیان دێنێتە ئاراوە، زۆر کورتە: "لە نێوان مرۆڤەکاندا مەعنەوییەت گەشە دەکات". گەشەکردنی مەعنەوییەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان بە شێوەیەک پەروەردە بن کە ئاگایانە لە دەسەڵاتی بڕیاردان بە زیانی کەسانی دیکە بەکار نەهێنن کە ئەم بارودۆخەش لەگەڵ پێکهاتەی دەروونی و ناوەکی دابین دەبێت. بە

وتەی مەلەکیان یەکێک لە ئەرکەکانی رووناکبیران لە کۆمەڵگادا هەوڵ بۆ گەشەکردنی مەعنەوییەتە. جیا لەمە، ئەم ئەگەرە هەمیشە هەیە کە پێکهاتەیەکی عەقڵانی بکەوێتە مەترسییەوە و لە لایەن زۆرینەوە لە هەمبەر کەمایەتییدا ستەم بە رەوا بزانێت.

هاوشێوەی ئەم بۆچوونەش لە لایەن "عەبدولکەریم سروش"ەوە لە زەنجیرە ئاخاوتنێکدا لە ژێر ناوی "ویژدانی شەرماویی"دا هاتۆتە ئاراوە. ئەو بە جەخت کردنەوە لەسەر "ماف تەوەریی"بوون لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا، لەسەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو پێداویستییەکان و ئیمکاناتی تیۆری و عەمەلی لەم کۆمەڵگایانەدا چوەتە خزمەتی مرۆڤەوە تا لەسەر بنەمای ئەوەوە بتوانن لە مافە تایبەتییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن و ئەوان جێگیر بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژینگەیەکی ئینسانی مۆدێڕندا کێشەگەلێکی زۆر سەر هەڵبدات.

رێکاری "سروش" بۆ چارەسەریی ئەم کێشەکێش و ئاریشەگەلە کە لە دنیای مۆدێڕندا بە هۆی کەڵکوەرگرتنی زۆر لە "ماف"ەوە سەرهەڵئەدات ئەمەیە کە لەم کۆمەڵگاگەلەدا "شەرم" وەکوو فەزیلەتێکی ئەخلاقی دەبێتە باو و ئەم تۆخمە ئەخلاقییە دەبێتە بەربەستێک کە تاکەکان بەردەوام لەسەر مافەکانی خۆیان پێداگریی بکەن و ببنە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی دڵخوازانە چاوپۆشی لە مافەکانیان بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە، سروش لەو باوەڕەدایە کە ویژدانە شەرمناوییەکان، کەمتر حەز بە کەڵکوەرگرتن لە مافەکانی خۆیانن و بە واتایەکی دیکە دوورەپەرێزترن و بە لاچاو بۆ تەکلیفەکانیش دەڕوانن.

سروش لەم زەنجیرە باسگەلەدا لە پێوەندیی دیکتاتۆریی زۆرینە و شەرم هیچ باسێک ناهێنێتەوە، بەڵام دەتوانین ئەم بۆچوونە لەم بارەشەوە بەکار بهێنین. بەم شێوەیە کە ئەگەر پەیوەستبوون بە بنەمای زۆرینە یەکێک

لە شەرتە گرینگەکانی جێگیربوونی دێموکراسی و یەکێ لە مافە حاشاهەڵنەگرەکانی تاکەکانە، ئەوکاتە توخمی دەروونی و ئەسڵی ئەخلاقی کە ئەو پێبەند و سنووردار دەکات و وا لە زۆرینە دەکات تا لەم مافەی خۆی لە پێناو بەرژەوەندیی کەمایەتیی دا چاوپۆشی بکەن، شەرم یان "ویژدانی شەرمناویی"یە. لە راستیدا دەتوانین بەم شێوەیە ئاکامی لێوەربگرین: تاکەکان کە خاوەنی ئەم لایەنە ئەخلاقییەن و دەروونییان کردوە، شەرمیان هەیە لەم روویەوە بەتایبەتی لە بەرەی زۆرینەدان، مافی دیاریکردنی چارەنووس یان مافە فەرهەنگییەکان و بەکۆمەڵی کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومییەکان لەبەرچاونەگرن و ببنە بەربەستی گەشەکردن و جێگیربوونیان.

ویل کیملیکا

ویل کیملیکا، فەیلەسووفی سیاسیی کانادایی، یەکێ لە تیۆریداڕێژەرانی هاوچەرخ لە بواری مافی کەمایەتییە نەتەوەیی/ قەومییەکانە. ئەو لە تیۆریی فرەکولتوورگەرایی شارۆمەندیدا هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی فەلسەفەی سیاسیی لیبراڵ دا، بنەما و تیۆریی نوێ بۆ مافە نەتەوەیی / قەومییەکان بێنێتە ئاراوە و چاوپۆشییەکان بە نیسبەتی مافەکانی کەمایەتییە قەومییەکانەوە لە نەریتی تیۆری سیاسیی لیبراڵی نێوان ساڵەکانی دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم و سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینی بەم پرۆژەیە قەرەبوو بکاتەوە.

ئەو فرەکولتوورگەرایی بە بەشێک لە بزووتنەوەی گشتگیری مافەکانی مرۆڤ دەزانێت کە فرەچەشنی قەومی و نەژادیی لەخۆ دەگرێت. خاڵە گرینگەکانی تیۆرییەکەی لە بارەی کامەیەتییەکانەوە بریتییە لە:

ـــــ جێگیربـــــوونی مــــافە گشـــتییەکانی کەمــــایەتییە نەتەوەییەکــــان بە ئەولەوییەتــدان بە لیبــــراڵ      ـ دیموکراســـی بە نســـبەتی پرســـی مافەکـــان و ئــــازادییە تاکەکەســــییەکانەوە هـــیچ ناســــازییەکی نــــیە و بەڵکــــوو بە تەواوەتی پێکەوە کۆ دەبنەوە.

مافەکـــانی گـــرووپ      ـــ جیـــاوەبوو، مـــافگەلێکن کە ســـەر بە گرووپەکـــانن و نە تاکەکان و بریتین لە:

الف ـ مافەکانی خودگەردانی

ب ـ مافەکانی فرەنەتەوەیی

ج ـ مافەکانی نوێنەرایەتیی تایبەت

ـــ مافەکـــانی دوایـــی بە واتـــای پیـــدانی بەشـــی تـــایبەت بە کەمـــایەتییە نەتەوەییەکـــان لە ناوەنـــدە بڕیـــاردەرە بەرزەکـــانی وڵاتـــدایە. لە روانـــگەی "کیملیکـــــا"وە مافەکـــــانی یەکەم و دووهەم، تـــــایبەت بە کەمـــــایەتییە نەتەوەییەکانە و مافی دووهەم تایبەت بە کۆچبەرانە.

ـــ پێبەنـــدبوون بە ئەســـڵەکانی بنەماکـــانی سیســـتمێکی لیبـــراڵ      ـ دیموکراتیـــک، مەرجـــی پێویســـتە بـــۆ جێگیربـــوونی مافەکـــانی کەمـــایەتییە نەتەوەیی‌یەکـــــان، بەتـــــایبەتی مـــــــافی خــــــودگەردانیە و ئەمەش کەمـــــایەتییەکی نەتەوەی بیهەوێـــــت لەســـــەر بنەمـــــای خـــــودگەردانی، سیســـتمێکی نـــالیبراڵ و پێشـــێلکاری مـــافی کەمایەتییەکـــان کە خـــۆی لە قەلەمـــڕەوی کەمـــایەتییەکی نەتەوەییـــدا ئەژی، بونیـــاد بنێـــت ئەوا قبـــووڵ ناکرێت.

ـــ تیـــۆرییەکی لیبـــراڵ مـــافی کەمایەتییەکـــان دەبـــێ بســـەلمێنێت کە چـــۆن مـــافی کەمایەتییەکـــان لەگەڵ مافەکـــانی مرۆڤـــدا کۆبکـــاتەوە و چـــۆن مـــافی کەمایەتییەکـــان ســـنوردار و پێبەنـــد بە ئەســـڵەکانی ئـــازادیی تـــاک، دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات.

ـــ فرەکولتوورگەرایی کاتێک بە باشی بەڕێوە دەچێت، بەکەڵک و کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومییەکانیش خوازیاری ئەوەن کە پێوەندییەکانی نێوان حکومەت و کەمایەتییەکان لەسەر بنەمای سیاسەتی کۆمەڵایەتی بێت نەک تێڕوانینی ئەمنییەتی. ئەمنییەتیی بوونی پیوەندییەکانی حکوومەت لەگەڵ کەمایەتییە قەومییەکاندا و بەتایبەتی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کەمایەتییانە بەردەوام وەکوو هەڕەشە و سیخوڕی هێزە نیزامییەکانی دوژمن لەقەڵەم دەدرێن.

ـــ فرەکولتوورگەرایی بە گشتی لەسەر جیاوازییەکان و جێگیربوونی مافە فەرهەنگییەکان جەخت ناکاتەوە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ وەلانانی نایەکسانییە ئابووری و سیاسییەکانیشی لەبەرچاو دەگرێت. بە واتایەکی دیکە رەهەندە جیاوازە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکان لەخۆ دەگرێت.

ـــ جەخت کردنەوەی تایبەت لەسەر هەندێک توخمە فەرهەنگییە جیاوازەکان و پاراستنیان بە واتای سیاسەتی جێگیرکردنی مافەکان و گرینگیدان بە فرەچەشنی فەرهەنگی بە جێگای جیگیربوونی ئامانجەکان، رەنگە ببێتە هۆی دەمارگرژی، باوەڕە چوارچێوەدارەکان و لە ئاکامدا جەمسەریبوونی هەرچی زۆرتری پێوەندییە قەومییەکان لە کۆمەڵگادا.

ـــ سیاسەتە فرەکولتوورگەراییەکان، جیا لە گەشەپێدانی فەرهەنگ و شوناسی تایبەت بە کەمایەتییەکان، بریتییە لە سیاسەتگەلێ لە پێناو دەستڕاگەیشتن بە کەمایەتییە قەومی و نەتەوەییەکان بۆ بەشداریی لە دەسەڵاتی سیاسی و دەرفەتە ئابوورییەکانیش.

سیاسەتی فرەکولتوورگەرایی، نەتەنیا نکۆڵی و لەمپەری بەردەم گۆڕانی فەرهەنگی نییە، بەڵکوو لە بەرامبەردا بە قووڵی پرۆژەی

ئالۆوێری فەرهەنگیی لەسەر بنەمای شارۆمەندیش هەم لە کەمایەتی و هەم لە زۆرینەدا بەدواداچوون دەکات.
نێوەرۆکی ئەم ئاخاوتەیە ئەمەیە کە لە پرۆژەی سیاسی فرەکولتوورگەرایی شارۆمەندیی "کیملیکا"دا، دوورەپەرێزیکردن لە روانگەی ئەمنییەتیی پێوەندیی نێوان حکومەت و کەمایەتییەکان، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبردن لە چوارچێوەی لیبراڵ دێموکراسی و جەختکردنەوە لەسەر چەندرەهەندی بوونی فرەکولتوورگەراییدا رۆڵی سەرەکیی هەیە.
بەرەنجام:
لە باسەکانی سەرەوە چ ئاکامێک وەردەگرین؟ ئایا دەبێ وەک جاران تەپڵی جیایی و دێموکراسی زۆرینەیی لێ بدەین یان رێگای سێهەم و دیکەش لەم نێوەدا بوونی هەیە؟ ئایا لە نێوان رووناکبیران و چالاکانی سیاسی، بواری تیۆری و پراکتیک و رەوگەی پێویست بۆ پارێزگاریی لە دێموکراسیی ژاکۆبنی یان دیکتاتۆریی زۆرینە بوونی هەیە؟
بە کورتی دەبێ بڵێین ئەگەر ئامانج لە چالاکیی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی، جێگیربوونی دادپەروەریی بێت، بە هۆکارگەلێکی جیاوز کە لەسەرەوە باس کرا، جیایی، باشترین رێگاچارە یان گونجاوترین رێگاچارە نییە. لە راستیدا بێ رزگاربوون لەم داوە و پارادۆکسی دێموکراسی، لە بارودۆخێکدا کە جیاییش بەجێ و ئیمکانی هەبێت، ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە فەزیلەتێک بە ناو دادپەروەریی، هەروەها دورترو دژوارتر دەبێت.
دیکتاتۆری زۆرینەی ئیمە لە بەرامبەر دوو گوزارەی پارادۆکسیکاڵدایە:
الف: قبوولکردنی دیکتاتۆری زۆرینەی دادپەروەرانە و لە ئاکامدا دێموکراتیک نیە.

ب : قبوولّنەکردنی دەنگی زۆرینەش لەگەڵ بنەماکانی دێموکراسیدا ناسازە و ناگونجێت.

لەم نێوەدا زۆربەی چالاکانی سیاسی و روناکبیران کە درزی سەرەکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە درزی نێوان دێموکراسی و سەرەڕۆیی دەزانن، تەنیا گوزارەی "ب" قبوول دەکەن و جەختی لە سەر دەکەنەوە و گوزارەی "الف" کە دیکتاتۆری زۆرینە لەگەڵ بنەماکانی دیکەی دێموکراسیدا ناساز و نەگونجاوە، لەبەرچاو ناگرێت. بەم شێوەیە رێکخستنی دێموکراسی زۆرینەیی بە پارادۆکسیکاڵ نازانێت.
لە نێوان حیزب و رەوتە سیاسییەکانی نێو ئێراندا ــ چ ئەوانەی کە ئامانج و ئارمانجە دێموکراتەکانیان هەیە یان نا ــ هیچکام گەڵاڵە و رێکاری تایبەت کە دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای ئەسڵ و بەستێنەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەرەنتیی جێگیربوونی مافە گشتییەکان و گرووپی کەمایەتییە قەومی و نەتەوەییەکان بێت، نەهێناوەتە ئاراوە.
ئەم گرینگی نەدانە بە شێوەیەکە کە تەنانەت زۆربەی ئەوانەی یاسای بنەڕەتی مەشرووتە کە ئەنجومەنە ئەیالەتی و ولایەتییەکانیانە، وەکوو رێگاچارەیەک بۆ فرە قەومی و نەتەوەیی لە ئێراندا لەبەرچاو گرتبوو، لەبەرچاو ناگرن و ئامادە نین لەو ئاستەشدا گرینگی بە مافی کەمینەکان بدەن و پشتیوانی یان لانیکەم باسی لێوە بکەن. بۆ نموونە لە نیوان روناکبیران چالاکانی سیاسیدا باسگەلێک کە "نەراقی"، "ملکیان" و "رەحمانی" کە بە شێوەیەک پشتوانیان لە مافە گشتییەکانی کەمایەتییەکان کردوە یان رێکارێک بۆ دوورەپەرێزی لە دیکتاتۆری زۆرینە هێناوەتە ئاراوە، هیچ پێشوازییەک نەکراوە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە پێشوازی نەکردن لەم باسانە تەنیا بریتی نییە

که لایەنگرانی دێموکراسیی ژاکۆبنی یان دیکتاتۆری زۆرینە، بەڵکوو گرینگی نەدان بە رەخنەگرانی دیکتاتۆری زۆرینە و بۆچوونەکانیان لە نێوان لایەنگرانی جیابوونەوەش بە زۆری بەرچاو دەکەون.

بەشداری پڕ رەنگ و قورسی ناسیونالیزمی ئێرانی لەفەزای رووناکبیری و سیاسی ئێراندا بۆتە هۆی ئەوەی کە بە جێگای پەرە پێدان بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەرەکیی گرووپیی (برون‌گروهی) کە لەسەر بنەمای پێوەندییە لاوازەکانی نێوان شارۆمەندان و تاکەکانە و باوەڕی گشتی نێوان هەموو شارۆمەندان بەتاڵ لە جۆرە پەیوەندییەکانەوە پێک دێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەروون گرووپی کە هێڵبەندیی و سنوورەکانی دەمارگرژیانە پێک دەهێنێت و بازنەکانی باوەڕمەندیی سنووردار دەکات و پەرە ئەستێنێت.

بۆ نموونە ئاماژە بە وەسفێک لە خوالێخۆشبوو "وەحید میرزادە" لە لایەن دۆستان و هاوکارانییەوە دەکرێت:

ـــ "مورتەزا کازمیان": ئەو "میرزادە" کوڕێکی وەتەندۆست و لایەنگری گشتییەتی ئێران بوو.

ـــ رەزا عەلیجانی: لە کۆڕ و کۆمەڵە جیاوازییەکانی کوردیدا چالاک بوو و لە هەموو شوێنێکدا بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردی دەکرد، بەڵام لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان و پاراستنی سەربەخۆیی و گشتییەتی وڵات دا بوو.

ـــ حەسەن یووسفی ئیشکوری: لایەنگری لێبووردەیی و پێکەوەبوون بوو و لەم ڕێگایەدا هەوڵی دەدا و بە گشتی خاوەنی یەکگرتووییەکی باش بوو، بە تایبەت کە ئەو بە هۆی کوردبوونەوە رۆڵێکی باش و کاریگەری لە هاڤبەندیی ریفۆرمخوازەکانی کورد گێڕا.

ئەم شێوە هەڵسوکەوت و وەسفی تاکەکەسەکان لەسەر بنەمای هێڵبەندی و دابەشکردنی شارۆمەندان بە خودی و غەیرە خودیەوەیە و هێدی هێدی لە خاڵێکدا بەرەوڕووی یەکتریش دەبنەوە و ئەوانیش شارۆمەندیی ئێرانی بەتایبەتی و مرۆڤەکان بە گشتی بە کورد و غەیرە کورد دابەش دەکەن. بردنەوەی مەدالیای ئولەمپییک تەنیا کاتێک مایەی شانازیە کە کوردێک بەدەستی هێنابێت یان بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی کونکوور لە لایەن کچێکی کوردەوە، لە راگەیەنەکاندا وەکوو هۆکارێکی شوناسبەخش جێگای سەرنج بێت.

لەم نێوەدا بەڵام "تەقی رەحمانی" بە روانینێکی جیاواز بۆ پرسی کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومییەکان هەیە و لە مەڕ خوالێخۆشبوو "وەحید میرزادە" و هەوڵەکانی ئەو بۆ وتوێژ و پێکەوەسازان بە شێوەیەکی دیکە قسە دەکات: "ئەو دواتر هەوڵی دا کە نێوان رەوتە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد لەگەڵ ناوەند دا پێکەوەسازان و دیالۆگ ساز بکات. کارێک کە رەوتی سیاسی میللی ـ مەزهەبی بە هەوراز و نشێوییەکانی شوێنی دەکەوتن. چونکە دێموکراسی نەتەوەیی یانی دێموکراسی بۆ هەموو قەومەکانی ئێرانی، سێنفەکان و ژنانی ئێرانییە".

لە راستیدا یەکێ لە هۆکارەکانی جێگیرنەبوونی دێموکراسی لە ئێراندا کە بێ چارەسەری ماوەتەوە، بوونی ناسیونالیزمە کە زۆرتر لە گوتاری مافی مرۆڤ و مافە سروشتییەکان، لەسەر جوڵە و هەڵوێستی سیاسی لایەنگرانی دێموکراسی کاریگەریی دادەنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە رەوتی دێموکراسیخوازیی بە جێگەی ئەوەی کە لەگەڵ هەڵتەکاندنی دەسەڵات، دادپەروەریی و مافەکانی تاک و گشتیی شارۆمەندان و کەمایەتییەکان تێکەڵ بێت، پتر لەگەڵ "هەڵچوونی دەروونی، نەتەوەیی و نیشتمانخوازانەبوون" سنووردار و تا رادەیەکی زۆر بە لاڕێدا دەبەن تا

ببێتە پاشکۆیەکی گرینگ بۆ هاوگەرایی نێوان زۆربەی ئەو هێز و ڕەوتە سیاسییانە. لە لایەکی دیکەوە ئەولەویەتی ناسیونالیزم بەسەر دێموکراسیدا لە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام هێزە دێموکراسیخوازەکان لەگەڵ پاساوی ناسیونالیستانە وەک پاراستنی گشتییەتی ئەرزی و پاراستنی ئێران و ... بوە و ترسیان لە دابەشکردن و هەڵتەکاندنی دەسەڵات هەبێت و دێموکراسییان لە پشت کەنوو دابنێن و خۆشیان لە پەراوێزنشینی لە فەزای سیاسی ئێراندا بمێننەوە.

جیا لەمە، نیشانەگەلێک لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەش لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێت:

— پەیامی سەرەخۆشی ئەندامانی جیبهەی میللی: باوکی سەرزەوینی دلاوەرپەروەری کرمانشاهان

— ڕەزا عەلیجانی: هەمیشە بەن زاراوە شیرینە کرماشانییەکەی کە بانگی دەکرد، زێدەکەیم بیر ئەکەوەتەوە. بە گاڵتەوە، "رولە پهلوان" بانگم دەکرد.

— زەقکردنەوەی چەند توخمیکی فەرهەنگی و کەمکردنەوەی فەرهەنگی قەوم یان نەتەوەی بەو توخمگەلە و لەبەرچاونەگرتنی مافەکان یان بارودۆخی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی ئەوان یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەیە کە لێرەدا بەرچاو دەکەوێت. "کیملیکا"یش ئەم شێوە هەڵسووکەوتە لەگەڵ کەمایەتییەکاندا وەکوو جۆرێک لە تێنەگەیشتوویی لە فرەکولتوورگەرایی لێکدەداتەوە. ئەم ڕوانگە دەبێتە هۆی داتەپینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەرەکی گرووپی (برون گروهی) و پەرەسەندنی بازنەی باوەڕمەندی لە ئاستی وڵاتدا و بە سەرنجدان بەم بازنە باوەڕمەندییە لەسەر بنەمای سنوور و هێڵبەندییە جیاوازەکان سنووردار

دەکات، هەوڵ بۆ دەستڕاگەیشتن بە پێکەوەسازان و دیالۆگ و لە ئاکامدا دێموکراسی زۆر دژوار دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەم روانگەیە، بە رواڵەت توندوتیژانە و روانگەیەکی ئەمنییەتی نیگەتیڤ (مەنفی) دەکرێت، بەڵام لە راستیدا لە زۆربەی بوارەکاندا لە بەرامبەر مێتۆد و بەرنامەکانیدا بێدەنگی دەگرێتە بەر و زۆر جاریش لە چەمکگەلێک کە روانگەیەکی ئەمنییەتی پێک هێناوە، کەڵک وەربگرن. روانگەی ئەمنییەتی لە هەمبەر کەمایەتییە قەومی و نەتەوەییەکان بۆ پاساوهێنانەوەی بەکارهێنانی رێکارە توندوتیژئامێزەکان، چەمکە شیاوەکانی ئەم رێکارانەش دەستکاریی دەکەن. دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی یەکسانسازی فەرهەنگی بۆ جیاکردنەوە و پشتیوانی لە دابەشکردنی دەسەڵات و دژەناوەندی کردنی دەسەڵات لێی، بە واتای جیاییخوازیی لێکدەدرێتەوە.